# ئاڵووگۆڕەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وكێشەی كورد لەباشوور

ڕووخان و لە ناوچوونی دسەڵاتداریێتی رژیمی بەعس، دەركی روژهەڵاتی نێوەراستی بەڕووی زۆر ئاڵ وگۆری بەریین وقووڵ دا كردۆتەوە . سیاسەتی ژیرانەی ڕیبەرایتی سیاسی كوردی بۆ ڕێكخستنی قازانجەكانی كورد دەگەڵ بەرژەوندی هاوپەیمانان، و بوون بە هێزێكی بە گوردی پرۆسەی ڕامالّیین دەسەڵاتی بەعس و ڕەزگاری سەرجەم ئاخی باشووری كوردستان سەركەوتووانە بەسەرئەنجام گەیشت .ڕزگاری باشووری كوردستان بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی تێكەڵ بە ئاگر و خوێنی نەتەوەیی كورد، لە هەموو نەتەوەكەمان لە هەر چوار پارچەی كوردستان پیرۆز بێت، و دەستی ریبەرایێتی كوردیش لە باشوور خۆش بێت بۆ یەک د ەنگیو هاوهەڵوێستی كوردانەیان لەبە سەرئەنجام گەیاندنی ئەوبەشە لە پرۆسەكە. بۆ ئیمەی كورد بەرە بەرە هەڵپەركێ و شادی بۆ لە ناوچوونییەكێک لە هارتریین‌داگیركەرانی وڵاتەكەمان و ئازادبوونی ئاخی باشووری‌كوردستان، جیگّای خۆی دەداتە دەست پێكردنەوەی ژیانی ئاسایی و ڕاپەراندنی گرفتە سیاسی،كۆمەڵایتی و ئابووری‌یەكانمان. بە مانایێكی تركورد لە باشووری كوردستان پیّ‌دەنێینە قۆناخیێكی‌تر لە ژیانی كە دەكرێت بە قۆناخی بنیاتنانەوە وچەسپاندنی دسەڵاتداریێتی كوردی نێودیر بكرێت.ڕاپەراندنی ئەركەكانی ئەو قۆناخە نوێیە هونەریكی گەورە و ئەركێكی مەزنی نیشتمانیە.

لیكدانەوەی ڕابردوو و هەل‌ومەرجی ئێستا، رۆشناییكە بۆ باشتر ناسین و مسۆگەر كردنی داهاتوو بە هەموو شانس و هەڕشەكانیەوە. كەوا بوو بەخۆداهاتنەوە و لیكدانەوەی جیهانی دەوروبەر یارمەتیدرە بۆ دیاری كردنی سیاسەتی نوێی تایبەت بەو سەردەمە. پرۆسەی گۆرانكاری جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی نێوەراست بە تایبەتی كەبە لەبر یەک بڵاوبوونی یەكێتی سۆڤییێت وەک جەمسەریكی پڕ چەک و ماكەی دژایێتی ئیدئۆلۆژیک دەستی پێكرد ، بوو بە هۆی تێكچوونی پارسەنگی هێز و پێكهاتنی بۆشاییک لە نەزمی كومەڵگای جیهانی دا. لە هەمان كاتیش دا كۆمەڵێک وڵات كە بە زۆر بە بلۆكی‌سۆسیالیستیەوە لكێندرابوون لە یەكەمین ڕۆژەكانی بیّ هێز بوونی سۆڤییەت ڕا دەستیان بە داپڕان لەو زل هێزە كرد و ڕویان كردە بەرەی‌رۆژئاوا. لێرە ڕا وڵاتە یەكگرتۆكانی ئەمریكا وەک زل هێزیكی سیاسی ، نیزامی و ئابووری دەست دەداتە هەوڵێكی بێوچان بۆ پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییە و چەسپاندنی هێژمۆنی خۆی لە سیاستی نێودەوڵە تی دا.

سەرخەتی سیاستەكانی وڵاتەیەكگرتۆكانی ئەمریكا لەودورەیدا لە سەر بنەمای كومەڵگایكی كراوە، بازار و ئابووریكی‌ئازادی جیهانی دامەزراوە. ئاكامی ئەو سیاستە، دەبێتە هۆی هەڵوشاندنەوەی سیستمە داخراوەكان ، مسۆگەركردنی كەش و هەوایێكی دیمۆكراتیک و ئاشتی و ئەمنییت لە كومەڵگای نێودەولّەتی دا. ئەو سیاستە نوێیەی وڵاتەیەكگرتۆكانی ئەمریكا بریتیە لە هێنانە گۆری هێندیەک بایخی كومەڵایتی - سیاسی وە ک گوڕ وتاو دان بە پڕۆسەی بەشداری ژنان‌لە هەڵسورانە سیاسی، ئابووری وكۆمەڵایێتیكان دا ، هێنانە گۆری مافەكانی تاكەكەس ،پلۆرالیسمی سیاسی، و لە هەمووان گرینگتر دانی رۆڵی بەرچاو بە نەتەوە بیّ‌دەولّەتەكان لە داڕشتنەوەی‌دەسەڵاتداریێتی نوێی دا. ئەزموونی ١٢ ساڵی ڕابردوو لە باشووری كوردستان نەمونەی زیندوی‌ئەوسیاستەیە. هاتنەگۆری نەتەوە بیّ دەولّەتەكان وەک ئاكتەریكی بە هێز بوو بە هۆی كەوتنە ژێر پرسیار و هەرس‌هێنانی دیاردەی دەولّەتە نەتەوەیەكان كە بەرهەمی سیاستی‌كۆلۆنیالیزم بوون. دیاردەیەک كە بریتی بوو لە پێكەوە لكاندنی بەزۆریی چەندین نەتەوەیی جیاواز لە ناو سنوریكی جوگرافیایی دیاریكراو دا، كە كێشە نەتەویەكان بە چارەسەرنەكراویی مابوونەوە. هەر ئەوكێشە نەتەوەیانە بوون بە هەوینی گۆرانكاری قووڵ و بەرین ( وڵاتانی ئەفریقایی، باڵكان، ئاسیا،ڕۆژهەڵاتی ناوراست ). ڕۆڵی كورد لە باشوور لە ١٩٩١ ڕا هەتا ئیستا نەموونەیێكی بەرچاوە لە ڕەوتی ئەو ئاڵووگۆرە نوێانە دا.

لە ڕادەیی جیهانیش دا ئەو سیاستە تازەیەیی وڵاتەیەكگرتۆكانی ئەمریكا بۆتە هۆی كومەڵێک قەیران لە پێوندیە نێودەولّەتیەكان دا. لێدانی‌رژیمی بەعس‌گوڕ و تینێكی زیاتری داوە بە گرژ بوونەویی ئەو قەیرانانە. بۆ وێنە دەر دەكەوێت كە توركیا چیتر خۆ لە بازنەیی سیاستەكانی وڵاتە یەكگرتۆكانی‌ئەمریكا دا نابینێتەوە، و پەنا دەباتە بر هاوپەیمانییە ناوچەیەكان(ئێران ، سوریا و وڵاتانی ئیسلامی بەگشتی ) و لە یەكێتی ئەوروپا زیاتر نزیک دبێتەوە . هەروەها سوریا و ئێران كەوتوونەتە برتەوژمی‌راستەوخۆ بۆ گۆرانكاری لە فەلسەفە و سیستمی دەولّەتداری دا.ڕیكخراویی نەتەوەیەكگرتۆكانیێش وەک دەزگایێكی ناونەتەوەیی كە لە سەرجەم ژیانی دا لاوازیی و بیّ ئیرادەیی خۆی لە چارەسەر كردنی كێشەكانی نیوكۆمەڵگای جیهانی نیشان داوە، لەو سەردەمەش دا جێگا و ڕولّیی دەكەوێتە ژێر پرسیاروە. كارتێكەریی ئەو گۆرانكاریانە لە سەر یەكیتی ئەوروپا بۆتە هۆی پێكهاتنی بەشێویكی قووڵ لە سیاستی ئەو بلوكە دا، و بۆ جاریكی‌تر دەركەوت كە ئەو سازییە زۆرتر بلۆكێكی ئابووریە هەتا هێزیكی سیاسی-نیزامی بە توانا و یەكگرتوو لە ڕادەی نێودەولّەتیدا. لەوش زیاتر، رۆژهەڵاتی نێوەراست بە سنوور و دە سەڵاتەكانێوە دەسكردیی زلهێزكانی ئەوروپایە، بۆیە شتێكی چاوەڕوانكراوە كە ئەو هێزانە (ئاڵمان و فرانسە)، بۆ پاریزگاریی لە قازانج و بەرژوەندیەكانیان، پیش بە هەر چەشنە ئاڵوگۆریەک لەو ناوچەیە بگرن. لەو چوارچێویە دا ئەوروپایەكان هەولّیان داوە كە كورد لە بەشداریكردنی ئەو رەوتە نویە پەژیوان كەنەوە، كەچی خۆیان خاونی هیچ چەشنە ئاڵترناتیویەكی گرینگ بۆ چارەسەریی كێشەی كورد نین.

لە هەل و مەرجیکی ئەوتۆ دا نەتەوەیی کورد پێ دەنێتە یەکیک لە هەستیارترین قۆناخەکانی ژیانی سیاسی خۆی. ئالۆگۆرکانی ١٢ ساڵی ڕابردوو نیشاندەری خەباتیکی بێوچانی زانیاری و ڕۆشنبیری بۆ خۆناسینەوە و ژیانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردییە. لەو ڕوتە دا کەلک وەرگرتن لە کەرسە پێشکەوتۆکان لە بواری ڕاگەیاندن گوڕ وتەوژمێکی برچاوی داوە بە بوژاندنەوەی بیرو هزری نەتەوەیی و ئاشنای زیاتری مرۆڤی کورد بە یەگدیی. هەرچەند مێدیای کوردی تا ڕادە ێکی زۆرلە بازنەی بەرتەسکی سیاسیی ئیدیولوژیکی ڕێکخراویی دا قەتیس ماوتەوە، بەڵام گەیاندنی بەلێشاوی زانیاری بە زمانی کوردی بە خوێنەر، بینەر و بیسەری کورد ، بۆتە هۆی ئەوە کە پرۆسەی تێکدانی کەساێتی کورد و پێک هێنانی دوو بەرکیی ناوخۆی سەرکوتوو نەبێت. پێکهاتەی دەسەلاداریێتی کوردی لە باشووری کوردستان لاێتیکی‌تری ئەرێنی دۆزیی کوردە. ئەو قۆناخە خاوەنی چەندیین تایبەتمەندی جیاوازی وەک: کەم ڕەنگ یان بێ‌ڕە نگبوونەوەی ئیدئۆلۆژیەکان، لە حیزب ڕا بەرەو دەسەلات چوون وبە ئەنستیتووت بوونی پێناسەی کوردییە. دیارە قۆناخی دەسەلاتداریێتی کوردی وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی، خاوەنی دەسپێک و سەرەتاێکی زێرین و باشە، بەلاّم هەڵدانەوەی کەلەی بەرژوەندیە رێکخراوەییەکان توانی پارلمان و دەنگ و ڕای خەلک لە بازنەی سازییە حیزبێکان دا قەتیس بکات. ئەو دیاردەیە هەتا ئێستاش درێژە بە ژیانی خۆی دەدات کە مەترسیکی مەزنە بۆ وەدیهێنانی داخوازە نەتەوە یەکان. ژیانەوەی بیری نەتەوەیی، پێکهاتن و گەشەساندنی دانووسانی نەتەوەیی، دو تایبەتمندیی بەرچاو و ئەرێنی ئەو سەردەمن‌کە دە بێت بە هێز بکرێن و پەرەیان پێ‌بدرێت. مرۆڤی کورد دەبێ پرۆسەی تەتەڵەکردەنی فیکری خۆی بە گوڕ وتاو درێژە پێ‌بدات و خۆ لە ژێر دیوارە بەسەریەک‌دا تەپیوەکانی فیکری و فەلسەفی دژ بە بیرۆکەی کوردایێتی بێنیتە دەرێ.

سەرجەمی‌ئەو گ ۆرانکارییە دەرەکی و نێوخۆیانە بوونە هۆی ئەوە کە شوێنی سیاسەتی کورد لەڕادەیی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی دا ئالۆگورکیی بنەڕەتی بە سەر دابێت. لە ڕادیی ناوخۆی دا دەسکەوتەکانی کورد بریتین لە : دامەزراندن و سەقامگیر کردنی پێناسەی دەسەلاتدارتی کوردیی لە فورمی پارلمان، حەکومەت و ئالای کوردیی دا، زیندوکردنەویی پێوانە وبایێخەکانی نەتەوەیی ، بەرزکردنەویی هەستی متمانە بە خۆ بوون و هاوچارەنوسیی سەرجەمی‌کورد و ڕەخساندنی هەل بۆ دیموکراتیزەکردنی کومەلگایی کوردیی لە باشووری کوردستان دا. لە ڕادەی ناوچەیی و جیهانی‌دا، هەتا دەێت کورد بەرەو سازدانی سیاسەتێکی سەربەخۆ دەچێت کە لەو دا کورد وەک ئاکتەریکی سیاسیی گرینگی بڕیاردەر، جێگا و شوێنی خۆی دەکاتەوە کە نەتەنیا کاراکتەرێکی دژی دیکتاتۆری و دیمۆکراتیکی هەیە، بلکوو لە هەمان کات دا هەولدانیشە بۆ چەسپاندنی دەستەلاتداریێتی کوردیی. لە دنیا گولوبالی ئەو سەردمە دا کە پێوانە و بایێخەکانی کاپیتالیزمی دیموکراتیک( ئازادیی، دیموکراسی، بازار و ئابووریکی ئازاد و کراوە) بە ڕیبەرایتی ولاتە یەکگرتوکانی ئەمریکا بە سەر کومەلگایی نێودەولەتی دا زالّ دەبێت، هەر وەک پێشتر باس کرا ، نەتەوە بێ دەولەتەکان ڕولێکی ناوەندی دەبینن بۆ پێک هێنانی ئالوگور لە کومەلگا داخراو دە سەلاتە دژی دیموکراتیکەکان دا. ئەم لایەنە لە سیاسەتی ولاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا بۆتە هەوینی سیاستی هاوبەشی کوردی - ئەمریکای لە رۆژهەلاتی‌نێوەڕاست دا. لەو پێوندیە دایە کە سیاستی دابەشکردنی ڕوژهەلاتی ناوەراست وەک ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی پێ‌دەنێتە قۆناخی هەرەس‌هێنان و لێک بلاوبوون.

لە هەل و مەرجیکی ئەوتۆ دا کە دیوارەکانی سیاستی کۆن لە ڕوژهەلاتی ناوەراست دا بەرو هەرەس‌هێنان دەچێت ،و لە هەمان کات دا گرینگی ڕولّی کورد لە پرۆسەی ئەو ئالۆگۆرانە دا هەتا دەێت بەرچاوتر دەبێت، ئەرک و بەرپرسایەتەکانی ڕیبەرایتی سیاسی کورد، ڕوشنبێران، هێز و تواناکانی کومەلگای کوردیش ڕوو لە زیاد بوون دەکات و مەزنتر دەبێت. ڕیبەرایێتی کوردیی کە ئێستا لە سیاستی نێودەولەتی دا هاوپەیمانی زل هێزکی جیهانیە کە لە هەولّی ئەوە دایە سیاسەتی ناودەولەتی دابەرێژیتەوە، بە لەبر چاوگرتنی ئەو جێگا و شوینە هەستیارە کە کورد لە سیاستی جیهانی دا بەخۆیەوە دەبینت، پێویستی هەرچی زیاتر بە سیاست و دیپلوماسیکی یەکگرتوویی لە گۆر سیاستە ناوچەیی و جیهانی دا هەیە. بوونی ولاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا بە هێزێکی کۆک وپۆشتەی مەزنی نیزامیەوە لە سەر خاکی‌باشووری کوردستان دەتوانی پێش لە خۆ تێ‌هلقوتاندنی ئیران و تورکیە بگرێت، کە لە ئاکام دا یاریدرەی پێکهاتەی یەکدەنگی دیپلۆماسی کورد و بالانسی هێزەکان لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەیی بە قازانجی کورد دەگۆرێت. هەروها پێویستە ئەو هاوپەیمانەتیە لە سەر بناخەی قازانج و بەرژەوندی هاوبەشی نەتەوەیی درێژەی پێبدرێت و پتەو بکرێت.

له ئێراقی پاش سه‌دام دا،کورد وه‌ک ته‌نیا نه‌ته‌وه‌یی ناو ئێراقه که به رێک‌وپێکی و سازماندراوی پێی ناوه‌ته نێو ئه‌و قۆناخه نوێیه‌وه. ئه‌و دیارده‌یه جێگای کوردان‌له پرۆسه‌ی د ابه‌ش‌کردنی ده‌سه‌لاتی داهاتووی ئێراق دا به هێز ده‌کات. ئه‌و ڕوڵه به هێزه باشووری‌کوردستان، پێویستی سیاسه‌تێکی یه‌کگرتوو و نه‌ته‌وه یی ڕیبه‌رایتی کورد بۆ دیاریی کردنی جوگرافیایی سیاسی کوردستان و یه‌ک لا کردنه‌وه‌یی کێشه‌ی کورد له‌و به‌شه له کوردستان دا له هه‌میشه زیاتر ده‌کات. هه‌ر بۆ ئه‌و مه‌به‌سته یه‌ک‌خه‌ستنه‌وه‌ی هه‌ر دو ئیداره کورد ی له‌ژێر ئالای‌ده‌وڵه‌تێکی‌فیدراڵی‌یه‌کگرتووی کوردی به سه‌رۆکایێتی یه‌ک سه‌رۆک‌وزیر و یه‌ک ده‌سته‌ی وزیران‌دا پێویستکی مێژوویی حاشا هه‌ڵنه‌گره. ئه‌و هه‌نگاوه کارتێکه‌ریکی ڕاسته‌وخۆی ئه‌رێنی هه‌یه له سه‌ر باوه‌ڕ و متمانه به خۆبوونی مرۆڤی کورد و ده‌رفت بۆ سازبوونی قه‌یرانه‌کانی ده‌سه‌لاتی نیوخۆی که‌م ده‌کاته‌وه. له هه‌مان کات دا پرستیژیی سیاسی کورد و دۆزه‌که‌یی له سیاسه‌تی نێوده‌وڵه تی دا ده‌باته سه‌ر.

له ناوخۆی کوردستان دا ده‌سه‌لاتێکی یه‌ک‌ده‌ستی کوردی فرسه‌ندێکی نوێیه بۆ به هێز کردنی فه‌رهه‌نگی هاوبه‌شی نه‌ته‌وه‌یی، گه‌ڕان به دوای خاڵه هاوبه‌شه‌کان و سازدانی پێوانه و سیاسه تی نه‌ته‌وه یی. ڕیبه‌رایتی سیاسی پێویسته به په‌له ده‌زگایێکی‌ڕاگه‌ێنه‌ری گشتی ده‌وڵه‌تی که مۆرکی پارلمان و ده‌وڵه‌تی فیدراڵی‌کوردستانی به سه‌روه بێت دابمه‌زرێنت، تا وه‌ک که‌ره‌سه‌یکی باش بۆ یه‌کخستنه‌وه‌ی لاینه‌کانی کۆمه‌ڵگا که‌ڵکی لی وه‌ربگیرێت. ده‌زگا وه ڕاگه‌ێنه‌ره گشتیکانی حیزبی جێگای خۆیان بده‌ن به کاناڵه تیجارێکان و ئالای کوردستان هه‌ڵکراو له‌پارلمان دا وه‌ک ڕمزیکی نه‌ته‌وه‌یی له لاین هه‌موو هێز و تواناکانی کوردیی قه‌بووڵ بکرێت و له ژێریی دا کۆ ببنه‌وه. هه‌روها ئیمکانی تازه ڕه‌خساوه بۆ ده‌وڵه‌تی فیدراڵی کوردستان که ده‌ست بکات به لێکۆڵینه‌وه‌ی ده‌س‌به‌جی له سه‌ر چاره‌نووسی‌ئه‌نفال کراوه‌کان، پێویسته ده‌وڵه‌تی داهاتووی ئێراق به ره‌سمی داوای لیبوردن له گه‌لی کورد بکات و له باری ئابوورییه‌وه قه‌ره‌بووی هه‌موو زره‌ره‌ی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌نفالکراوه‌کان، به گاز خنکێنراوه‌کان بکاته‌وه. ده‌وڵه‌تی فیدراڵی کوردستان ده‌بێت گوڕ و تاو بدات به پرۆسه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌ی خه‌ڵکی ناوچه ته‌عریب کراوه‌کان‌و بۆ سرینه‌وه‌ی ئه‌و دیارده دژ به کورده هه‌روه‌ها پیویسته ناوچه ڕه‌زگارکراوه‌کان بخرێنه ژێر ده‌سه‌لاتی ڕاسته و خۆی پارلمانی کوردستان و ده‌وڵه‌تی‌فیدراڵی کوردی. له هه‌موو شتێک گرینگتر ئه‌وه‌یه که ڕێبه‌رایێتی سیاسی کورد ده‌سته‌یێکی نوێنه‌رایێتی هاوبه‌ش دیاری بکات که به‌شداری گفتگۆکانی دارشتنه‌وه‌ی سیسته‌می ده‌سه‌لاتدارێتی‌داهاتووی ئێراق بکه‌ن له سه‌ر ئه‌ساسی فیدرالی نه‌ته‌وه‌یی .

هه‌مووراستیه‌کان نیشانده‌ری ئه‌وه‌ن که کوردستان له سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی بیست‌ویه‌که‌م دا بره‌و پیری داهاتوویێکی تازه ده‌ڕوات. داهاتوومان پیویستی به مێشکی نوێ‌هه‌یه که به‌رێوه‌ی به‌رێت. مێشکی نوێی کوردی که کراوه بێت بۆ دیتنی ڕاستیکان،سنوره فیکرێکان ببه‌زێنێت و یه‌کێتی ریزه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردی به هێز بکات. له‌و سه‌رده‌مه له مێژوویی نه‌ته‌وه‌یی کورد، باشووری کوردستان بۆته لانکێکی هێواو هۆمێدی کوردایێتی و له ڕاستی دا هه‌موو مرۆیکی نیشتمانپه‌روری کورد به دڵکی په‌ر له هێوا به دواڕۆژی سه‌ربه‌خۆی یه‌کجاریمان، چاویی بڕیوته ئه‌و به‌شه له نیشتمانه لێک داب‌ڕاوه‌که‌مان. هه‌ر بۆیه ئه‌رکی روناکبیران و هه‌ڵسووراوانی سیاسی کورد له هه‌موو به‌شه‌کانی کوردستان یارمه‌تیدانی ڕێبه‌رایێتی سیاسی کورد له باشووری کوردستانه بۆ بنیاتنانه‌وه‌ی ئه‌و به‌شه له کوردستان و چه‌سپاندنی ده‌سته‌لاتدارێتی کوردی. .

سه‌لاح مه‌جیدپوور
٧ -٥ -٢٠٠٣
majidpour48@zonnet.nl